# یەکیتی شوومی کۆماریخوازان و دیموکراتەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران





ئەم بابەتە لە سایتی بازتابی رژیم بڵاو بۆتەوە کە بە هێندێك دەستکاریەوە وەرمان گێراوەتە سەر کوردی.

ڕاپۆرتەکان نیشان دەدەن بوونی هێزی سەربازی ئەمریکا لە کەنداوی فارس لە ماوەی ١٧ ساڵی ڕابردوو دا کەم وێنەیە.

پەسەندکرانی سێ گەڵاڵە لە مەجلیسی سنای ئەمریکا لە دوو حەوتووی ڕابردوو لە دژی وەڵاتەکەمان، هەروەها ووت وێژی دوور و درێژی ( ئیستیفان هادلی ) راوێژکاری ئەمنیەتی نەتەوەیی ئەمریکا لەگەڵ نوێنەرانی سەنا لە پشت درگای داخراوەکان، دەری دەخا ئەمریکا بە نهێنی لە دژی قازانجەکانی وەڵاتەکەمان کار دەکات.

پەسەندکرانی ئەو گەڵاڵەی ڕێگە بە دەوڵەتی ئەمریکا دەدا بۆ ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ گەڵاڵەی خامنەیی بۆ دامەزرانی کارتیلی گەورەی بەرینی گاز، لە مەجلیسی سنای ئەمریکا پووڵ خەرج بکا و هەروەها یەکێتی کەم وێنەی کرماری خوازەکان و دیموکراتەکان بۆ زۆر هێنان بۆ سەر ئێران و بە سەرنج دان بە دواکەوتنی وادەی چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە عێراق و کەم بوونەوەی هێزەکانی ئەمریکایی لەو وەڵاتە بۆ نزیك بە شەست هەزار کەس، هەل و مەرجی بۆ سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی بە شێوەیێکی دیکە گۆریوە.

لە هەمان کاتدا، ڕاپۆرتەکان لە ئامادە بوون و ساز بوونی هەل و مەرجی جەنگی ی ئەمریکا لە کەنداوی فارس دەدرێن.

کەشتی فرۆکە هەڵگری Us Enterprise لە بنکەی دەریایی ( نۆرفلۆك ) لەگەڵ چوار ناو، کەشتی، شەڕکەر بە زیاتر لە ٧٥٠٠ مەلەوانی دەریایی هاتۆتە کەنداوی فارس و لەگەڵ دوو ناوی فرۆکە هەڵ گری دیکە لە کەنداوی فارس یەك کەوتوون و جێگیر بوون.

هەروەها قەرارە لانی کەم تا سێ حەوتووی دیکە، ناوی چوارەمی فرۆکە هەڵگری ئەمریکا لە دەریای سوور و لە باشووری ئاوەکانی عەرەبستانی سعودی، جێگیر بێ، و لە دوورەوە پشتیوانی سێ ناوی فرۆکە هەڵگری ئەمریکایی لە کەنداوی فارس بکا. ئەوە کەم وێنەترین خۆسازدانی ئەمریکا لە حەڤدە ساڵی ڕابردوو لە کەنداوی فارس دایە.

ناوی فرۆکە هەڵگری ئەتۆمی ( ئینتر برایز ) هێز و توانای وێرانکەردنی زیاتری لە چاو ناوە فرۆکە هەڵگرەکانی دیکەی ئەمریکا هەیە. ئەو ناوە فەرماندەیی ناوە شەرکەرەکان و مووشەك هاوێژەکانی ( Arleigh Burke DDG51 USS) و ناوی ( Uss stout ) و ناوی مووشەك هاوێژی ( Sherman DDG 98 Uss forrest) و ناوی جەنگی ( Uss james Ewitiams DDG.95 ) و ناوی مووشەك هاوێژی کرووز، ( Uss Gettysburg ssG 64 ) و ژێر دەریایی ئەتۆمی ( Philadelphiassn 690 Uss) و هەروەها ناوی تەداروکاتی ( Usnst 6 ) لە ئەستۆیە.

لە سەر ئەو ناوە فرۆکە هەڵگرە دوو باڵی هەوایی ( Cvwi ) جێگیرە کە فرۆکەوانەکانی لە چالاکیەکانی ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ هەل و مەرجی دەریای عەرەب ئاشنا بوون.

هەروەها چوار ئیسکادرانی ئاسمانی، کە بریتین لە فرۆکە شەرکەرەکانی، سۆپەر هورنێن ( FQ18 ). ئیسکادرانی جەنگی ( سایدواندز NEQ137 ) و ئیسکادرانی دەریایی ( MFE ) و ئیسکادرانی جەنگی ئیلیکترونی ( VEQ 137 ) لەوێ جێگیر بوون.

سێ ناوی شەرکەری دیکەی ئەمریکایی. کە لە خۆرهەڵاتی قەراخ ئاوەکانی ئەو وەڵاتە بەرەو کەنداوی فارس بەرێ کەوتوون چەند رۆژی دیکە لە پێش ئەو ناوگانە دەریاییە دەگەنە کەنداوی فارس، قەرارە ئەو ناوە فرۆکە هەڵگر و شەرکەرانە لە ژێر فەرماندەیی ناوی فرۆکە هەڵگری ( ئینتر پرایز ) بن و بچنە پاڵ چوار ناوی شەر کەری هاوری ئینترپرایز.

***

# گەڵاڵەی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی هەناردەی بەنزین بۆ ئێران

هاوکات لەگەڵ جیرەکردنی بەنزین لە ئێران و بەرەو سەرچونی رق و بێزاری خەڵك سەبارەت بە بڕیاری رژیم، ڕێبەرانی کومیتەییکی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا بەرنوسی گەڵاڵەیێکیان بۆ کەمکردنەوەی هەناردەی بەنزین بۆئێران ئامادە کردوە. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ئاسوشید پریس، ئەو گەڵاڵە لە لایەن مارك کرك، نوێنەری مەجلیسی ئەمریکا لە حیزبی جمهوریخوازو رابیرت ئاندروز لە حیزبی دیموکرات دارێژراوە. بەپێی بەرنوسەکە کە دەستەی کاریی ئەمریکا ئامادەی کردوە، لە کۆتای ئەم ساڵەوە، هەر شیرکەتێك کە بەنزین بە رژیم بفرۆشێ،یان کۆمەگ بە دابین کردنی بەنزین بۆ ئێران بکات، لەوانەیە لەدەستڕاگەیشتن بە بازاڕو مشتەریە ئەمریکایەکان بێ بەش بکرێ. ئەو ئالۆزیانەی کە لە ئێران ڕویدا، دەری خست کە کەمبونی بەنزین بۆ ڕژیمی ئاخوندی مەترسیدارەو ئەوە ئەهرومێکە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا تابتوانن فشار بخەنە سەر ڕژیم بۆ ئەوەی بریارە نێونەتەوەیەکان جێ بە جێ بکا. مارك کرك، یەکێك لە گەڵاڵە دارێژەری ئەو بەرنامە لەوتووێژ لەگەڵ هەواڵدەری ئاسوشید پریس گوتی بەنزین یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی رژیمە، ناوبراو زیادی کرد، شۆرش گەلێك کە لە ئێران ڕویدا دەری خست کە کەمبونی بەنزین بۆ ڕژیم مەترسیدارە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێران گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهان دا، کە بەهۆی نەبونی پاڵاوتەکان ناچارە نیوەی بەنزینەکەی لە دەورەوە واریدبکات. دەوڵەتی پاسدار ئەحمەدی نژاد جیاواز لە جیرەکردنی بەنزین، نرخی ئەو سوتەمەنیش لە ما نگەکانی رابردودا زیادکردوە. بەپێی راپۆرتی شیتدد پریس بەنزینی پێویست بۆ ئێران لە وڵاتانی کەنداوی فارس و هیند و لەلایەن شیرکەتی هولەندی ویتول دابین دەکرێت و زۆربەی کەشتیەکانی هەڵگری بەنزین، لەلایەن شیرکەتی لویدزی لەندەن بیمەدەکرێن. لە گەڵاڵەی مەجلیسی ئەمریکادا، بۆ ئەوشیرکەتانەی کە بەئێران بەنزین دەفرۆشن، سزای جۆراو جۆری وەکو قەدەغەکردنی وام لەلایەن بانکەکانی ئەمریکایی ئیعتباربەو جۆرە شیرکەتانە، یان نەدانی ئیجازە بەوان بۆ هەناردە بۆ ئەمریکا دیاری کراوە. سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەتوانێ لە نێو ئەو سزایانەدا یەکیان هەڵبژێرێ. نوێنەری گەڵاڵە دارێژی ئەو گەڵاڵە، واتە رابیرت ئاندروز بە هەواڵنێری ئاسوشیدت پریسی گوت سەرکەوتن بەسەر رژێمدا پێوەندی بەپەسەند کردنی بریارنامە ئابلوقەدانی رژیم لەلایەن شورای ئەمنیەتەوەیە. بێ هاوکاری نێونەتەوەی ئابلوقەکان کاریگەری نابێ. ناوبراو باوەری وایەکە رژیمی ئاخوندی لەنێو دوڕیگەی هەڵبژاردنی ئابلوقە بەنزین و ڕاگرتنی پاڵاوتەکردنی ئۆرانیۆم یەکیان هەڵبژێری ناچارە، دەست لە پاڵاوتە کردنی ئۆرانیۆم هەڵ گرێ.

# شەپۆلی ئیعدام و سەرکوتی جوڵانەوە کۆمەلاتیەکان لە ئێران زیاتر دەبێ





بە ئیعدام کردنی کەسێك لە سەرەتای پوشپەڕدا ژمارەی ئیعدام کراون لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا گەیشتە ١٠٤کەس. هەموو رۆژێك کەسێك ئیعدام کراوە کە ئەو ژمارە بەرانبەر ١٧٧ئیعدام لە ساڵی ٢٠٠٦دا کە لەلایەن سازمانی لێبوردنی نیو نەتەوەی ڕاگەێندرا زیادی کردوە. دیارە ئەو ژمارانە کەمتر لە ڕادەی دروستیەتی چونکە کەسانێك کە لە زینداندانەکان کە لە ژێر شکەنجە دەمرن یان دەکەونە بەرپێلاقە مأموران گیان ئەدەن تۆمار ناکرێن بەڵکو تەنیا ئێعدام کراون دێنە ئەژمار. هاوکات سەرپەت بە دەستانی رژیم بەڵنیان داوە ئیعدامەکان زیاتر بکەن و لە شارە جۆراوجۆرەکان هەموو رۆژێك ئیعدام ڕێك بخەن.سەرۆکی دادگوستەری لە ئوستانی فارس لە دوای بەڕێوەچوونی حوکمێکی ئیعدام لە شوێنی گشتیدا لە شارۆچکەی گولشەن گووتی: لەمە بەدواوە هەموو حەووتویێك کەسێك لە تاوانباران لە شیراز ئیعدام دەکەێن. لە لایێکی دیکەوە سەرکوتی کۆمەڵایەتی هەروا درێژەی هەیە. بە دەست پێ کردنی گەڵاڵەی ناسراو بە موبارەزە لەگەڵ بەد حیجابی، زیاتر لە ٧٠هەزار نەفەر لە تاران لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە و ٣٢٠٠کەس لەوانە گیراون. پاسداران، فەرماندەی هێزی ئینتزامی تاران لەسەرەتای پوشپەڕ لە ووتوێژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی حکوومەتی کەیهان لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو ئامارە ڕایگەیاند کە ئەو گەڵاڵە دەبرێتە شوێنەکانی دیکەو نەخۆشخانەکانیش دەگرێتەوە. ناوبراو گوتی: ئیمە لە حاڵی پشکنینی ناوەندە دەرمانی و نەخۆشخانەکانیش و لە هێندێك جێگەدا وریایمان داوە بە کارمەندان و ئەو گەڵاڵە درێژەی دەبێ تا هیچ ئاسەوارێك لە لات و لوت نەمێنێ. ئەو پاسدارە جینایەتکارە لەگەڵ ئەوەی کە بەشانازیەوە باسی لە شکەنجەی لاوان و مێر منداڵان دەکرد، گوتی: کە تەنانەت لە دوای گرتنیان و لە زیندان پەستاوتنیان لە زیندانیش هێندیێك هاوکاری کە بە ئەوانی تر دەکری بەوان ناکرێ. رژیمی ئاخوندی هەوڵ ئەدات کە بەمەبەستی ترساندنی کۆمەڵگە، لە تەواوی کردەوە وەحشی گەریەکانی کەڵك وەربگرێ. جیاواز لەو سوکایەتیانە، رژیم گەڕاندنی لاوانی لە شارە جۆراو جۆرەکان زیاتر کردوە و بە جۆرەها شێوە بۆ وێنە پشتاوپشت بە سواری وەڵاغ دەیانگێڕێ. لە لایێکی دیکەوە ئاخوند هاشمی شاهرودی سەرۆکی قوەی قەزائیەی ئاخوندەکان لە وتوویێژ لەگەڵ رادیوێ رژیم، پێداگری کرد کە رژیم بڕینی دەستی رانەگرتوە و لە بارودۆخی پێویستدا ئەو کارە دەکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو وەحشیگەریانە رژیم نەیتوانیوە جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان کە لە ئیران شەپۆل دەدات کۆتایی پێ بێنێ و هاوکات خۆی خستۆتە بەر فشاری کۆمەڵگەی جیهانی دوابە دوای یەك مەحکوم دەکرێ و ئەو بارودۆخە وەزعیەتی رژیمی لە هەموو کاتێك لەرزۆکتر کردوە. وە هەرئەوە بوتە هۆی ئەوە کە ئاخوند ئەحمەدی خاتەمی بەرنوێژی رژیم لە سەرەتای پوشپەڕدا نیگەرانی لە وەزعیەتی رژیم وئاکامی سەرکوتگەریە کۆمەڵایەتیەکان دەربڕی و گوتی: الحمدلله لیپرساوان سورن لەسەر کارەکانیان بەڵام جاروبار لە قەراخ و قولاغ قسە دەکرێ و بەراشکاوی دەڵێم کە ئەگەر خوانەخواستە ئەو گەڵاڵە کەمرەنگ بکرێ یان رابوەستێ بارودۆخەکە لە ئیستا خراپتر دەبێ.

***

# هەوڵی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی بۆ فریودانی لاوان

بە دوای گران بوونی بەنزین و کەم کاری لە ڕادە بە دەر و گرانیی سەرسوور هێنەری کەل و پەل و خواردەمەنی، دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی لە هەوڵ دان بە کەڵك وەرگرتن لە وەزعی خراپی خەڵك و ئەو گشتە گرانی و بێکاریە، بە ناوی جۆراجۆر لاوان لەکوردستاندا فریو بدەن.

بە پێی ئەو ڕاپورتانەی لە ناو خۆی وەڵاتەوە بە سازمانی خەبات گەیشتوون ناوەند و ئیدارە بەد ناوە جاسووسی و بەناو فەرهەنگیی و بەسیجیەکانی رژیم لە کوردستاندا، بە شێوەیێکی بەربڵاو هەڵ دەسووڕێن تا ئەو لاوانەی بێکارن و ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە و لە هیچ ئیدارەییێك دانەمەزراون، بە ناوی کار پێدان و کۆمەگی ماڵی فریودەن و لە جاسووسی و خراپەکاریان بگلێنن.

ئەوەی جێگەی خۆشیە لاوانی شۆڕشگێڕ و خوین گەرمی کوردستان بە هۆی ناسینی رژیم و ناوەندە دژی گەلیەکانی بەرەورووی ئەو پیلانە وێستاونەوەو دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی نەیان توانیوە ئەو پیلانە جێ بە جێ بکەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ سڵاو بۆ لاوانی نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستان، داوایان لێ دەکا وەك هەمیشە لە بەرانبەر پیلان و سیاسەتە دژمنکاریەکانی ئاخوندان لە کوردستاندا خۆراگری بکەن.

هەموو لایێك ئاگادارن ئەوەی بە سەر خەڵکی کوردستان و تێکڕای جەماوەری ئێراندا دێ و ئەو گرانی و بێکاری و دارمانی ئابووری و فەسادەی لە ئێراندا، دەبیندرێ، لە سیاسەتی نەزانکارانە و بێ دەربەستانەی ئاخوندان، بەرانبەر بە خەڵکی ئێران سەرچاوە دەگرێ. هەر بۆیە پێویستە لەگەڵ گەرم داهێنانی خەبات و بەر بەرەکانی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئاخوندەکان وهەروەها لە بەرانبەر هەل و مەرجی نالەبار دا بوێرانە و شۆڕشگێڕانە ڕاوەستن و نابێ ڕێگەی بدرێ ئاخوندان هیچ کام لە پیلان و سیاسەتەکانیان جێ بە جێ بکەن و ئەو ئامانجەیان کە لاواز کردنی ئیرادەی لاوان بەتایبەت و خەڵکی کوردستان بە گشتیە، بێتە دیی.

گومان لەوەدا نیە، ئەو رژیمە بە سیاسەتی دژمنکارانەی بەرانبەر خەڵکی ئێران و سوور بوونی لە سەر هەڵوێستەکانی دژ بە کۆمەڵگەی جێهانی و پەرە پێدانی چەکی کۆمەڵ کوژ و هەوڵ بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی، دۆستی بۆ خۆی نەهێشتووەو، بەو سیاسەتانەی وای کردووە بێزاری جەماوەری ئێران زیاتر پەرە بستێنێ کە سەر ئەنجام ئاوری قینی خەڵك و پشتیوانی ڕای گشتی جیهانی لە جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران، رووخانی دەسەڵاتی ملهوڕانەی ئاخوندانی بە دوادادێ.

لەم هەل و مەرجەدا پێویستە لاوان وریایی و لە سەر هەستییان لە ڕابردوو زیاتر بێ و جەماوەری کوردستان لە سیاسەتە فریوکاری دژمنکاریەکانی ئاخوندان باشتر ئاگاداربن.

لەگەڵ هومێد بە سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری ستەم لێکراوی کوردستان و ئێران بە سەر دەسەڵاتی رژیمی ملهوڕی ئاخوندی دا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٦ی پووشپەڕی ١٣٨٦